# ئەوانە شیعری شێخ ڕەزا نین، تکایە لەکۆڵی ببنەوە!

ئەنوەر سوڵتانی

## بەشی یەکەم: حافزی شیرازی، ویسالی شیرازی و شێخ ڕەزای کەرکووکی

پێنج خشتەکییەکی فارسی هەیە کە لەسەر فەردی یەکەمی غەزەلێکی حافزی شیرازی دانراوە. حافز گوتوویەتی:
*بلبلی برگ گُلی خوشرنگ در منقار داشت*
*واندرآن برگ و نوا خوش نالەهای زار داشت*
گفتمش در عین وصل، این نالە و فریاد چیست؟
گفت ما را جلوۀ معشوق در این کار داشت [1]

[1] ئەوە سەرجەم غەزەلەکەی حافزی شیرازی (١٣١٥-١٣٩٠) ە و لە سایتی گنجور وەرگیراوە:
بلبلی برگِ گُلی خوش رنگ در منقار داشت
و اندر آن برگ و نوا خوش نالەهایِ زار داشت
گفتمش در عین وصل، این نالە و فریاد چیست؟
گفت ما را جلوۀ معشوق در این کار داشت
یار اگر ننشست با ما نیست جای اعتراض
پادشاهی کامران بود، از گدایی عار داشت
در نمی‌گیرد نیاز و نازِ ما با حُسنِ دوست
خُرَّم آن کز نازنینان، بختِ برخوردار داشت
خیز تا بر کِلکِ آن نقاش، جان افشان کنیم
کاین همە نقشِ عجب در گردشِ پرگار داشت
گر مریدِ راهِ عشقی فکرِ بدنامی مکن
شیخ صنعان خرقە رهنِ خانۀ خَمّار داشت
وقتِ آن شیرین قلندر خوش کە در اَطوارِ سیر
ذکرِ تسبیحِ مَلَک در حلقۀ زُنّار داشت

"بولبولێک کاتێ پەڕەی گوڵێکی ڕازاوەی بە دندووک هەڵگرتبوو، بەو سامان و دەولەتەوە هێشتا دەیناڵاند و دەلاڵاوە."
ئاشکرایە خوێنەر دەتوانێ سەبارەت بەو دۆخە سەیرە پرسیار بکات و چارەسەرێک بۆ ئەو ناتەباییە مەنتیقییە بدۆزێتەوە کە بولبول بۆچی لەعەینی دەستەملانی دڵدارەکەشیدا هەر دڵتەنگ بووە و ناڵاندوویەتی؟ حافز خۆی لە فەردی دواتردا عەینی ئەو پرسیارە دەکات و وەڵامیش ئاوا دەداتەوە: "دەرکەوتنی خۆشەویستم ئەوەی پێکردم." واهەیە کەمتر کەس بتوانێ وەڵامێکی پڕواتاتر لەوەی حافز بەو پرسیارە بداتەوە و دۆخە بەرواڵەت سەمەرەکە ئاوا ڕوونبکاتەوە.
بەڵام بەگوێرەی هەندێ گێڕانەوەی نەسەلماو، ماوەی ٥٠٠ساڵێک دواتر، هەمان پرسیار جارێکی دیکە خراوەتە ئەستۆی ناسرەدینشای قاجار.[١٢] وەڵامیش لە غەزەلێکی ١٠ فەردیدا دراوەتەوە کە تێیدا بولبول بە ئیمامی عەلی شوبهێنراوە و وەرەقی گوڵ بە حەسەن و حسێنی کوڕی. ناوی 'وصال شیرازی'[٣] یش وەک شاعیری شیعرەکە لە فەردی کۆتایی غەزەلەکەدا بەرچاو دەکەوێت:

*شعر حافظ را تو آخر خوش بسنجیدی 'وصال'*
*تا ببیند کی توان در این سخن انکار داشت*
*"ئەی ویسال، تۆ شیعرەکەی حافزت جوان هەڵسەنگاند، با[پرسیارکەر] بێت و بزانێ کە ناگونجێ بەرپەرچی ئەو بۆچوونە بداتەوە!"*
کوجا بەر کوجا! پرسیار و وەڵامی عارفانەی حافز لە کوێ و دەمارگیریی ئایینی نیوەشاعیرێکی سەدەی نۆزدەهەم لەکوێ. ئەو قسە ساختەیە نەک لەگەڵ باوەڕی ئایینیی حافزی سوننەی شافیعیدا یەک ناگرێتەوە بەڵکوو ئەو وەک کەسێکی ئەشعەری مەسلەکیش لە هیچ شوێنێکی دیوانەکەیدا نەچۆتە بواری وا سەیر و سەمەرەوە- بوارێک کە لە ئێرانی دوای زاڵبوونی

---

چشمِ حافظ زیرِ بامِ قصرِ آن حوری سرشت
شیوۀ جَنّاتُ تَجری تَحتِهَا الأنهار داشت

[٢] ناصرالدین شای قاجار (١٨٣١- ١٨٩٦)
[٣] محمد شفیع شیرازی (وصال) (١٧٨٣- ١٨٤٦)

سەفەوییەکانی سەدەی شازدەهەم بووە باوەڕی گشتیی زۆرینەی دانیشتووان.

هەرچۆنێک بێ، لەدرێژەی ئەو گێڕانەوەیەدا گوتراوە گوایە شاعیرێک کە وێدەچێ ناسناوی 'رضا' بووبێت، پێنج خشتەکییەکی لەسەر ٨ فەردی ئەو غەزەلە دە فەردییەی ویسال هۆندۆتەوە. ئەویش هەر لەسەر ئەو ڕێچکە ئایینییەی ویسال ڕۆیشتووە بەڵام دوو فەردی کۆتایی غەزەلەکەی قرت کردووە و لە ئەنجامدا ناوی 'وصال'یش لە پێنج خشتەکییەکەدا نەهاتووە. لە ناو ئەدیبانی کورددا ئەو 'رضا'یە بە شێخ ڕەزای تاڵەبانی زانراوە و نەک هەر ئەوە، بەڵکووغەزەلەکەی ویسالیش هاوڕێ لەگەڵ پێنج خشتەکییەکەی ڕەزا پێکەوە بە هی ئەو دانراون. لەوەش زیاتر، هەندێک خەڵکی ناشارەزا حیکایەتیان لەسەر ئەو پرسیار و وەڵامە هەڵبەستووە کە گوایە شاعیرە ئێرانییەکان هیچکام نەیانتوانیوە شیعرەکە مانا بکەنەوە و وەڵامی پرسیاری شا بدەنەوە بەڵام کاتێ شێخ ڕەزای تاڵەبانی بابەتەکەی بیستۆتەوە و بەو پێنج خشتەکییە وەڵامی داوەتەوە و بۆتە جێ پەسنی ناسرەدینشا (بۆ نموونە، بڕوانە دیوانی شێخ ڕەزا چاپی نەمر شوکور مستەفا ل ٢٧٧ هەروەها چاپی دوکتور مکرم تاڵەبانی ل٢٩٦). تەنانەت هەندێ کەس گوتوویانە گوایە ناسرەدینشا نامەی بۆ شێخ ڕەزای تاڵەبانی نووسیوە و داوای لەو کردووە کێشەکە یەکلایی بکاتەوە و ئەویش بەو پێنج خشتەکییە چارەسەری پرسیارەکەی کردووە و "بەخششی دراوەتێ"! بۆ ئەوەش کە ناسرەدینشا چۆنی شێخ ڕەزا ناسیوە هەمیسان ئەفسانەیەکی ساختەی دیکەیان هۆندۆتەوە و گوتوویانە شێخ ڕەزا مامۆستای کوڕانی ناسرەدینشا بووە لە تاران، لەکاتێکدا شێخ ڕەزای هەژار نەچاوی بە تاران کەوتووە و نە لە دەرباری ناسرەدینشادا ژیاوە؛ ئەگەریش نوسخەی دیوانەکەی لە کتێبخانەیەکی تاران بەدەستەوە بێت نیشانەی سەفەر و مانەوەی ئەو نییە لەبەر ئەوەی زۆر دەستنووسی کوردی پەڕیوەی دەرەوەی کوردستان بە تایبەت شارەکانی عەجەمستان بوون.[٤] سەرەڕای ئەو ڕاستییانە، قسە هەڵبەستراوەکە لە ناو کورددا جێگیر بووە و ئەستەمە بکرێ لە مێشکی هەندێک کەسی دوور بخەیەوە کە لایان وایە بەهۆی

[٤] دوو کتێبخانەی ئایەتوڵڵا گوڵپایگانی و مەرعەشیی نەجەفی لە قوم گەورەترین کۆکراوەی دەستنووسی کوردی یا فارسیی سەبارەت بە کورد لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان تێدا پارێزراوە! بڕوانە لێکۆڵینەوەکانی کاک مستەفا دیهقان.

پەیوەندیدانی شێخ ڕەزا بە ناسرەدینشای قاجارەوە پلەی ئەو شاعیرە مەزنەی کورد دەبەنەسەریٚ! ئەوە هەڵەیەکی گەورەی مێژوویی و ئەدەبییە لەبەر ئەوەی ناسردەدینشا و هیچ کاربەدەستێکی ئێرانی پەیوەندیان بە شێخە هەژارەکەی ئێمەوە نەبەستووە و یەکدوو شیعری شێخ ڕەزا بۆ ناسرەدینشاش کە لە ئەستەموولەوە گوتراون (تل، در مدح ناسرەدینشا)، وەک زۆر شیعری دیکەی بۆ فەرمانبەر و کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی گوتراو (صبحی پاشای وەزیر، والی مووسڵ، والی زوراء، توفیق بەگی میر آلا، متصرف کمالی پاشا، قائممقام ڕانیە و ...) بە ڕەسمی شاعیرانی سەردەمی خۆی، بەهیوای "صلە" و پاداش وەرگرتن بووە و لە ڕێگەی کاربەدەستانی ئێرانیی دانیشتووی عوسمانییەوە نێردراوەتە ئێران.
ئاو بێنە و دەست بشۆ!

ئەوەندەی من ئاگادار بم، تاقە کەسێکی کورد کە لە بابەتەکە ورد بۆتەوە و بۆچوونی خۆی بە خەڵک راگەیاندووە، نەمر دوکتۆر مارف خەزنەدارە کە لە بەرگی چواری مێژووی ئەدەبی کوردیدا بابەتێکی لەژێر سەردێڕی "شێخ ڕەزا و هەڵهێنەکەی غەزەلی ویسال" تەرخانی مەسەلەکە کردووە وگوتوویەتی:

*" ئەو پێنج خشتەکییە هەشت بەندییە شێخ ڕەزا لە سەر غەزەلێکی دە فەردیی ویسالی شیرازی دایناوە و کردنەوەی ئەو موعەممایە[ی شیعری حافز] لە ناو غەزەلەکەی ویسالی شیرازیدایە، بەڵام لەبەر ئەوەی شیعرەکە وەک پێنجێنێک بە هی شێخ ڕەزا ناسراوە و دوو دێڕی پشتگوێ خراوە و نەکراوە بە پێنج خشتەکی و ناوی ویسالیشی تێدا ون بووە، [لەئەنجامدا]، کردنەوەی موعەمماکە و دۆزینەوە یڕڕەمزەدکانی حافز خراوەتە پاڵ شێخ ڕەزای ئێمەوە"* و لە درێژەدا نووسیویەتی *"ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین ئەمە لە کردەوەی شێخ ڕەزا ناکا چونکە شێخ قسەی جوانی ئەوەندە زۆرە پێویستی بەوە نییە داهێنانێکی ویسالی شیرازی بکا بە هی خۆی."* [٥]
بەکورتی، نەمر د. مارف پەڵەی ئەو هەموو هەڵەیەی وا بەدرێژایی ساڵان سەبارەت بە شێخ ڕەزای هەژار کرابوو، لەسەر شانی شێخ لابردووە و گوتوویەتی تەنیا چەند فەردی ئەو پێنج خشتەکییە هی شێخ ڕەزایە و ئەوانی

[٥] دوکتۆر مارف خەزنەدار، "مێژووی ئەدەبی کوردی"، بەگی چوارەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠١٠ لاپەڕە ٣٩٥ و ٦

دیکە هی ویسالی شیرازین، هەڵهێنانی موعەمماکەش کاری شێخ نییە و هی ویساڵە!

ئەوە باشترین و ئەمینترین بۆچوونە تا ئێستا سەبارەت بەو شیعرە گوترابێت و هیوادارم ئەوانەی وا شانازی بەوەوە دەکەن ملهوڕێکی وەک ناسردەدینشا ڕووی قسەی کردبێتە شێخ ڕەزا و ئەو درۆ هەڵبەستەیە بە گەورەیی بۆ ئەو و بۆ کورد دەزانن، چیتر دووپاتی قسەی خۆیان نەکەنەوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم چەند خاڵێک لە بۆچوونەکانی دوکتۆر مارف زیاد بکەم:

**یەکەم**، ڕوون نییە ئەو 'ڕەزا'یەی لە پێنج خشتەکییەکەدا ناوی هاتووە، هەمان شێخ ڕەزای ئێمەیە یان ڕەزایەکیتر. لە بەشەکانی دیکەی ئەم زنجیرە وتارەدا دەبینین شیعرێکی دیکەی ناو دیوانی شێخ ڕەزاش لە ڕاستیدا هی "ڕەزایی کاشانی" شاعیری ئێرانیی سەدەی شازدەهەم بووە نەک هی شێخی ئێمە.

**دووەم**، حیساباتی جومەل (ئەبجەد) و ژمارەی ٣٥٦ لەو بەشەی شیعرەکەدا کراون کە دەبێ هی 'ڕەزا' بن نەک ویسال.

**سێهەم**، لە بەندی کۆتایی پێنج خشتەکییەکەدا سێ جار ناوی 'رضا' هاتووە کە دووجاریان کەوتوونەتە فەردی کۆتاییەوە. ئەو ڕەزایانە کێن؟ فەردی کۆتایی پێنج خشتەکییەکە بە حیسابی یاسای شیعری عەرووزی، دەبێ هی ویسال بێت، ئەی بۆچی ناوی ڕەزای بەسەرەوەیە؟. کاتێ ویسال دەڵێ "از بهر رضا" واتە بۆ ڕەزا، ئەوە کامە ڕەزایە؟ ئەگەر ڕەزا ناوی کەس نییە و واتای گشتیی ڕەزامەندیی هەیە، ڕەزامەندیی لەکێ؟ ئەگەر ڕەزا هەمان شێخ ڕەزای ئێمە بێت، ئایا ویسال ناسیویەتی؟ ئەی بۆچی لە هیچ سەرچاوەیەکی کوردی و فارسیدا ئاماژە بەو ناسیاوی و دۆستایەتییە نەکراوە؟

بێگومان ئەو ڕەزایە دەبێ کەسێکی دەمارگیری ئایینی بووبێت کە ئەوە لەگەڵ مەشرەب و مەسلەکی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا یەک ناگرێتەوە بەڵام بۆ ویسالی شیرازی پڕ بەپێستە، کە دەیان شیعری بۆ شین گێڕیی حوسەینی کەربەلا و زەینەبی خوشکی و عەلی ئەسغەری کوڕی هەڵبەستووە،. هەر دەبێ ئەویش پیتەکانی ناوی سێ لە ئیمامان (عەلی و حەسەن و حسەین)ی بە حیسابی جومەل لەلای یەک دانابێت کە ببنە ٣٥٦ و بەرانبەر بن لەگەڵ

سێ وشەی ناو شیعری حافز کە ئەوانیش کردوویانەتە ٣٥٦ (بلبلی، برگ، گلی). بەو شێوەیە شاعیر بەخەیاڵی خۆی وەڵامی پرسیارەکەی حافزی داوەتەوە. بەڵام شێخ ڕەزا کەسێک نەبووە شیعری بەرزی حافز بەرەو ئاقارێکی وا سەمەرە بەرێت، کە لە هەندێ دەقی سەر ئینترنێتیدا هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ باوەری داعشەکانی ئەمڕۆی ناوچەکە. ئەوە نموونەیەکیەتی:

روز عاشورا حسین بن علی در کربلا

اصغر زار و ضعیف خویش در منقار داشت

السلام علیک یا اباعبدالله الحسین یا قتیل العبرات[٦]

پەیوەندیدانی ئەو شوبهاندنە بە شیعری حافزیشەوە تەنیا بۆ ئیماندارێکی دەمارگیر دەگونجێت کە حافز و ڕێباز و چەمکی شیعرەکانی نەناسێت و شارەزای سەردەمی ژیانی و ئەوحوکمە سیاسییە نەبێت کە حافز و هەموو مرۆڤێکی خاوەن بیری ئەو سەردەمەی هەراسان کردبوو. دەنا حافزی 'ڕەند' ی قەلەندەر کە "بەندە عیشق و لە هەردوو جیهان ئازاد" بوو، هەرگیز شیعری خۆی نەخستۆتە خزمەت بوارێکی ئەوتۆوە و بەپێچەوانە لە سەرانسەری دیوانەکەیدا دژی دەسەڵات وەستاوە. هەربۆیەش لە لایەن 'داعش'ەکانی سەردەمی خۆیەوە تەکفیر کراوە و خەڵکی لێ هاندراوە. حافز بەوە حافزە و شاعیرێکی جیهانییە، کە بیرێکی ئازادی هەیە و دوورە لە قال و قیلی ڕوالەت بینیان. ئەو هێشتا لە دەست گزیر و 'محتسب'ی امیر مبارزالدینی ئالی موزەففەر ڕزگاریی نەببوو، کە کەوتبووە سەردەمی 'شاە شوجاع'ەوە و بەدەستیانەوە دەناڵی و دەیگوت' *"دەرکی مەیخانەیان داخستووە، خودایە قەبووڵی مەکە دەرکی ماڵی فێڵبازی و ڕیاکاری بکەنەوە!"*[٧] تەفسیری شیعری حافز بە ڕووداوەکانی سەردەمی ئیمامان کردن وەک ئەوە وایە واتای کتێبی کاپیتاڵی مارکس بە تەفسیری سیوطی و طبرسی لێکبدەیەوە!

بۆ ڕەواندنەوەی گومان، سەیری دیوانی ویسالی شیرازیم کرد. لە هیچ شوێنێکی دیوانەکەدا ئەو شیعرە تایبەتەم چاوپێنەکەوت- بەتایبەت لەو بەشە

---

٦ اینستاگرام حسین غیاثوند

٧ در میخانه ببستند، خدایا مپسند / که در خانه تزویر و ریا بگشایند

ورد بوومەوە کە تێیدا ویسال دەیان جار 'ئیستقبال'ی شیعری حافزی کردووە و بە شێوەی ئەو، غەزەلی هۆندۆتەوە. ئامادەکاری دیوانەکەش لە سەرەتا و پەراوێزی لاپەڕەکاندا ئاماژەیەکی بەوە نەکردووە کە ڕووداوێکی وا ڕوویدابێت و ناسرەدینشا بە نامە یان بە حزووری داوای تەفسیری شیعری حافزی لەو کردبێت. دیوانی 'هومای شیرازی'ش گەڕام. هوما هاوسەدەمی ناسرەدینشابووە، هاتوچۆی دەرباری ئەوی کردووە، بەڵام لەدیوانەکەی ئەویشدا بەهەمان شێوە، نیشانەیەکم لەو شیعرە بەرچاو نەکەوت.
پاشان لە سەر ئینترنێت بەدوای هەواڵ سەبارەت بە ویسالی شیرازیدا گەرام. دەیان وێبلۆگی شەخسی یاخود پەیوەندیدار بە کۆمەڵ و دەستەی فەقێ و مەلای قوم و تاران یا ڕێکخراوی حکوومیی ئێران لە سەر ئینترنێت هەن کە بە بێ پێچ و پەنا شیعرەکە بە هی ویسالی شیرازی دەناسێنن، بەڵام سەیر و سەمەرە ئەوەیە هەر هەموویان عەینی ڕستە و دەربڕینیان هەیە و بە ئاشکرا لە یەکتریان وەرگرتووە، هەمووشیان دەنووسن "گویند" واتە دەڵێن، بەڵام ئەوە کێیە دەیڵێ، ڕوون نییە و ئەوەی لە ڕستەسازی و ڕاگەیاندنەکانیش دەردەکەوێت ئەوەیە هەموویان شارەزایی ئەدەبی و شیعرناسییان گەلێک لاوازە و لەوەش سەیرتر ئەوەیە هەندێکیان فەردێک و دوانیان لە شیعرەکە زیادکردووە بۆ ئەوەی پەیوەندی بدەن بە ناوەرۆکی وێبلۆگەکەی خۆیان و بیروباوەڕی ئایینی خۆیانەوە.[٨]

بەکورتی، ئەوپێنج خشتەکییە لە لایەن نیوە شاعیرێکی دەمارگیری ئایینییەوە هۆنراوەتەوە ودەیان هەڵەوپەلەی تێدایە کە شاعیرێکی بەئەزموون هەرگیز تووشیان نایەت- جا ئەوکەسە کورد بێت یان غەیرە کورد جیاوازیی نییە و لەژوور هەموویانەوە بە هیچ شێوەیەک بۆ کەڵەشاعیرێکی وەک حافز یا شێخی تاڵەبان نابێت.

****

لێرەدا پرسیار بۆ ئێمەی کورد ئەوەیە ئایا هەوڵدانمان لە پێناو ئەوەی تاوانی ئەو شیعرە ناتەواوە بخەینە گەردنی شاعیرێکی زمان پاراوی وەک شێخ

---

[٨] بۆ نموونە، بڕوانە ئەم وێبلۆگانە: غدیر سریش آباد، طلبگی تا اجتهاد، حوزە، لیسە رضوان، اعتقادی مذهبی، فقر و فنا، بولتن نیوز، حسن حسن، نیپنا، ادبستان شعر فارسی، یوزبیت و....

ڕەزا، کارێکی بەڕێ وجێ و شیاوی کەسایەتی ئەوە؟ شیعری شێخ ڕەزا، ئەگەر هەڵە وپەلەی چاپ و دەست تێوەردانی ناشارەزایان لێبگەڕێت، لەوپەڕی ڕەوانبێژی و جوانیدان لەکاتێکدا بوونی ئەو پێنج خشتەکییە ناقۆڵا و ناتەواوە پەڵەیەکی گەورەیە بەسەر شانی شاعیرەکەیەوە، جا شێخ ڕەزا بێت یان هەرکەسی دیکە. شاعیری ئەو شیعرە وێناچێ ئەزموونێکی دەوڵەمەندی شاعیریی بووبێت. ئەو تەنیا ویستوویەتی خۆی بە حافزەوە هەڵواسێت و لە جیاتی ئەو شیعر بە ئیمامەکانیدا هەڵبڵێت! ئایا کارێکی باش دەبێت کورد بابەتێکی ئاوا بازاڕی و سووک بە هی شێخ ڕەزای مەزن بزانێت و شانازییش بکات کە ملهوڕێکی وەک ناسردینشا ڕووی پرسیاری لەو کردووە!

لەبیرمان نەچێت، ناسردەدینشای دژە کورد هەر ئەو کەسەیە کە لە ساڵی ١٨٦٧ دا حوکمی چەند سەد ساڵەی والیانی کوردی ئەردەڵانی لەسەر ناوچەی ئەردەڵان هەڵوەشاندەوە و فەرهاد میرزای خاڵی خۆی کردە والیی کوردستان؛ لەو کاتە بەدواوە تا ئەمڕۆ کورد نەبۆتەوە خاوەنی خاکەکەی خۆی. هەر ئەو ناسرەدینشایە، لە ساڵی ١٨٨٠ دا شۆڕشی شێخ عوبەیدیللای شەمزینی تێک شکاند، دوو پەیامنێرەکەی شێخی ئیعدام کرد و درەنگتر هەمزاغای مەنگوڕبە حوکمی ئەو کووژرا.

هەروەها کارێکی نابەجێیە ئەگەر نەزانین ئێرانی ئەو سەردەمە پڕ بووە لە شاعیر و چەند کەسیان وەک قائانی و ویسالی شیرازی و هومای شیرازی بە دەوری دەرباری شاوە بوون و ویسال نەک هەر شیعری بۆ ناسرەدینشا گوتووە بەڵکوو شاعیری دەرباری محەمەدشای باوکی ئەو و فەتحعەلیشای باپیریشی بووە! ناسرەدینشا لەکوێ ناوی شێخ ڕەزای ئێمەی بیستووە و شیعرەکانی خوێندۆتەوە کە بزانێ ئەو شارەزاترە لە قائانیی دیوەخانەکەی خۆیەتی!

به بۆچوونی من ئەوەی دوکتۆر مارف بە شیعری شێخ ڕەزای زانیوە، بەهۆی وشەی "رضا"وەیە کە سێ جار لە بەندی کۆتاییدا دەکەوێتە بەرچاو بەڵام بە هۆی خواروخێچیی شیعرەکەوە سەروبەری واتاکەیان دیار نییە.

**ئا.** دەگونجێ ئەو ڕەزایە هەمان ڕەزایی کاشانی بێت کە شیعرێکی دیکەشی بە هەڵە هاتۆتە ناو دیوانی شێخ ڕەزاوە. ڕەزایی کاشانی شاعیرێکی کەمتر ناسراوی سەدەی

شازدەهەم بووەە و تەنانەت لە مێژووی ئەدەبی فارسیشدا بە هەڵکەوت نەبێ ناوی نەهاتووە، شیعرەکانیشی لە پلەیەکی بەرزدا نین.
**ب.** دەگونجێ وەک د.مارف دەڵێ، بەشێکی هی شێخ ڕەزای خۆمان و بەشێکی هی ویسالی شیرازی بێت بەڵام شیعرەکە لە دەستاودەست گەڕاندا تێکچووبێت و بەو شێوە ناتەواوە دەرهاتبێت. لەو حاڵەتەدا کێشەیەکی دیکە سەرهەڵدەدات لەبەر ئەوەی بەپێی نەریت لە پێنج خشتەکیدا شاعیری دووەم سەرەتا سێ میسرەعی یەکەمی هەموو بەندەکان دەهۆنێتەوە و دوو میسرەعی کۆتاییەکەی لە شاعیری یەکەم وەردەگرێت و ئەگەر ئەوە بەڕاست بزانین دەبێ سێ فەردی یەکەمیان هی شێخ ڕەزا یان ڕەزایی کاشانی و دووفەری کۆتاییان هی ویسالی شیرازی بن. خۆ ویسال نەدەبوایە ناوی ڕەزایەکی شاعیر لەجیاتی خۆی بخاتە شیعرەکەیەوە!
**پ.** هەموو شاعیرێک شیعری جێ پەسندی خەڵکانی دیکەی نووسیوەتەوە و لە ناو دەفتەری خۆیدا ڕایگرتوون. دەبێ شیعرەکەی ویسالیش لە ناو دەفتەر و دەستنووسی شێخ ڕەزادا دۆزرابێتەوە و خەڵکانی ناشارەزا بە هی ئەویان زانیبێت. کۆتایی باس!
ت.تا کاتێ کە ئێمە بە زۆرە ملی بمانەوێ شیعرەکە بدەینە پاڵ شێخ ڕەزای بێتاوان، ئەو پرسیارانە کۆتاییان نایەت. تاقە ڕێگەی چارەسەر بەگومانی من ئەوەیە لەکۆڵ ئەو بیرکردنەوە بچووکە ببینەوە کە پەیوەندی شێخ ڕەزا بە ناسرەدینشاوە دەدات و باشتر وایە بەو دوو سێ پارچە شیعرەی قەناعەت بکەین کە بە شان وباڵی ئەو ملهوڕەیدا هەڵگوتووە.

**ڕوونکردنەوەی هەندێک ساڵ:**
وصال شیرازی (١٧٨٣ تا ١٨٤٦ز)
شێخ ڕەزای تاڵەبانی (١٨٣١ تا ١٩١١ز)
ناصرالدین شای قاجار (١٨٣١ تا ١٨٩٦ز)
ڕضائی کاشی (لەساڵی ١٥٨٧ مردووە)

کاتێ ویسال مردووه، شێخ ڕەزا ١٥ ساڵان بووه؛ ئەو لە کەرکووک و بەغدا و ئەستەموڵ ژیاوه و ویسال لە شیراز. ساڵی لەدایکبوونی شێخ ڕەزا و ناسردەینشا عەینی یەکتره، بەڵام شێخ ڕەزا ١٥ ساڵ زیاتر لە ناسرەدینشا ژیاوه.
حافزی شیرازی (١٣١٥ تا ١٣٩٠ ز) ٥٠٠ ساڵێک پێش ئەو سێ کەسە ژیاوه و هیچ پەیوەندێکی بەوانەوه نییه.

**ئەوەش سەرجەم پێنج خشتەکییەکەی جێگەی باسی ئەم وتاره:**

شاه والا وقت طالع روی در ادبار داشت
این دل غم منزلم را غرق در اکدار داشت
بر سرورم صد هزاران کوه غصه بارداشت
صاحبا در حالتی کاین بنده غم بسیار داشت
یادم آمد از کلام آنجناب اظهار داشت
کرده بودی زامتحان باشاعران گفت وشنفت
کز وجود من برو در منظر عالم برفت
هیچ کس بر وفق طبع من در معنی نسفت
گفته بودی مقصد حافظ چەبود از آنچه گفت:
"بلبلی برگ گلی خوش رنگ درمنقار داشت"
زان حبیب حی وحق امداد فیض سرمدی
بس تضرع کردەام درباب آل احمدی
ذات احمد را شفیع اورده برهر مقصدی
نصف شب غواص گردیدم بەبحر ابجدی
تا ببینم این صدف آیا چه در دربار داشت
زان همه مردان بیامد صفوت جاروی کش
بردل آمد معنی شیرین بس بی عیب و غش
لوح قلبم را صفا دادند همی آینەوش
بلبلی برگ گلی شد سیصد و پنجاه وشش
باحسین وباحسن هم باعلی معیار داشت
اینچنین جاریست عادات حکیم ذوالمنن
بهرترفیع همان قطب رفیع ممتحن
برگروه اولیا بارد بلاها و فتن

برگ گل سبز است آن دارد نشانی از حسن
چونکه در روز شهادت سبزی رخسار داشت
این نمیباشد خدا ناخواسته از زین و شین
این همیباشد خدا داند پی اسرار بین
آنچه رفت برنسل شاه غازی بدر و حنین
سرخی آن دارد نشانی از حسین
چونکه دروقت شهادت عارض گلنار داشت
چونکه در عصر سعادت قطب بوده نزد کل
پیش ازین دانسته حالت زان شده مأمور پل
وز معارف نوش کرده ازنبی نوشاب مل
بلبلی باشد علی کز فرقت آن هردو گل
اندر آن برگ ونوا خوش نالەهای زار داشت
صد هزاران رحمت حق باد برجان "رضا"
بس بەوالله، پیمبر شافعش روزجزا
من ز ایمان کردەام ازجان حب مرتضی
من نهانی گویم این تخمیس ازبهر رضا
تا بدانندش "رضا" ایمان بسی انوار داشت

---

درێژەی هەیە...